# لەمنداڵییەوە عاشقی (کەمان) ە



## ئەو میوزیك ژەنەی یەكەم سایتی كوردی تایبەت بەفێربوونی میوزیك دانا بۆ PUKmedia دەدوێت

**PUKmedia ئا /شاسوار محەمەد 15:53:58    2008-07-20**

یەكێك لە هونەرمەندە دیارەكانی كورد كە سەردەمێكە خزمەت بە هونەری موزیكی كوردی دەكات، چەندین بەرهەمی هەیە، هەروەها بۆ چەندین گۆرانیبێژ كاری كردووە، یەكێك لەداهێنانەكانی ئەم هونەرمەندە دروستكردنی سایتێك بوو بۆئەوەی بەم هۆیەوە ئارەزوومەندانی موزیك بتوانن بەم ڕێگە ئاسانەوە فێری بن، ئەم هونەرمەندە موزیك ژەنە (فەرهاد ساڵح) ە.

ئەم هونەرمەندە ئازیزە چەند ساڵێكە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێیە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە هونەرمەند و ئاگاداربوون لە كارەكانی ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازكرد.

*هەرچەندە بە كارەكانت دەتناسینەوە، بەڵام ئەگەر بكرێت كورتەیەك لە ژیانی تایبەتی و سەرەتای دەستپێكی هونەریت بكەیت؟

-ساڵی 1973 لە شاری سلێمانی لەدایک بووم و لە هاوینی ساڵی 1986 کە دەرچوبووم بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، لە ڕێی دایکی خۆشەویستم ئاشنا بووم بە تیپی موسیقای نەورۆز کە خولێکی فێربوونی مۆسیقایان لەو پشووی هاوینەدا کردبووەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەردەلان، بۆ خۆشم پێشتر قوتابی بووم لەو قوتابخانەیەو دایکیشم هەر لەوێ کاری دەکرد، بۆیە بەئاسانی توانیم ئاشنایان ببم و سەرەتا بەشداریم لە چەند گۆرانییەکی منداڵان کرد وەک کۆرس.



لە پاشدا چەند ئامێرێک پێشنیار کرا کە پراوەیان لەسەر بکەم وەک (سەنتور، فلوت، کلارنێت و...)، بەڵام بۆ خۆم هەر داوای ئامێری کەمانم ئەکردو حەزو ئارەزوم زیاتر بۆ ئەوئامێرە بوو، ڕەنگە ئەم خۆشەویستییەی منیش بۆ ئامیری کەمان لەوێوە سەرچاوە بگرێ کە زۆر پێشتر من منداڵ بوم، کاک فوادی برام بۆ

ماوەیەکی کورت چوبووە خولێکی فیربونی کەمان کە زۆر جار ئامێرەکەی لەگەڵ خۆیدا ئەهێنایەوە ماڵەوەو ڕاهێنانی سەرەتایی ئەکرد، بەڵام هەر زوو کۆتایی پێ هێرا.
پاشان لەسەرەتای ساڵی 1987 سەرەتای ڕاهێنان کردنم بوو لەسەر ئامێری کەمان و ماموستاو هاوڕێی خۆشەویستم کاک زانا مەحموهەژار زۆر سودم لێ بینی، پاشترو هەر لەو ساڵەشدا بەشداربووم لە گۆرانی شەکرە بەفرە وەک ژەنیاری کەمان، بەردەوام بووم بۆ ماوەی دوو ساڵ و پاشان لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان وەرگیرام، لەوێش بوومە قوتابی ماموستا سەلاح ڕەؤوف.
کۆتایی سالی 2000 گەشتمە سوید، بەڵام ئێستا ماوەیەکی کورتە ژیانم گواستۆتەوە لەندەن، خۆشبەختانە کارەکان زوو جێبەجێ بوون ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ باری کۆمەڵایەتی من، چونکە کەسێک خێزاندار بێت کەمێک زەحمەت ترە.
*هونەرمەند تا چەند رازییە لە کاری هونەرمەندانی گۆرانیبێژی کوردستان؟
-لەبەرئەوەی ئەنجامدانی کاری هونەری موسيك و گۆرانی کارێکی بە کۆمەڵەییە، ناکرێت تەنها ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە وەربگرین و قسەی لەسەر بکەین، چونکە بە هەموویان پێکهاتەیەکی هونەری دروست ئەکەن .
بە داخەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بێ سەروبەرەبیەکی زۆر بەرچاو ئەکەوێ لە نێو هونەری موسيك و گۆرانیدا، کە ئەویش ئەگەڕێتەوە بە پلەی یەکەم بۆ ناهۆشیاری موسیکزانەکان لە ڕووی تێنەگەیشتن و نەزانینی مامەڵەی میانەی پلە دەنگییەکانی پەیژەی موسيك لە موسیکی کوردیدا، پاشان بێ ئاگایی لە مێژوو و پەرەسەندنی هونەری دنیا و گەلانی ترو چۆنیەتی مامەڵە کردنیان لە میانەی پلە دەنگییەکانی موسيك .
گرنگ نیە ژمارەی موسیکژەن و گۆرانیبێژ چەندە، بەڵکو گرنگ کاری باشە بەتایبەتی لە ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا کە لە هەوڵی نێشتەجی بوون و دیاری کردنی جوگرافیا و ناساندنیەتی لە نێو هەموو گەلانی دونیا وەك کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ، کە تەنها هونەرو ئەدەب دەورێکی گرنگ و باڵای ئەبێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستە.
لەبەرئەوەی زیاترین کارکردن لە هونەری موسیکی کوردی، گۆرانییە، ئەمڕۆ گۆرانی وتن بۆ زۆرێك لە گۆرانیبێژان تەنها لاسایی کردنەوەو مۆدێلە نەك هونەر، شێوازی موسيك و ژەنینی، دەربڕینی گۆرانیبێژ، وێنە گرتنی تەلەفزیۆنی، سیناریۆ و گۆرینی جل و بەگ و جوڵەو هەموو لایەنەکانی تری تەنها لاسایی کردنەوەو لاساییکردنەوەی مۆدێلێکەو هیچی تر، کە ئەمەش تەنها ئەبێتە سوڕانەوەیەك لە نێو بازنەیەکی تەسك و داخراودا |.وەك قەشەو شاعیری ئینگلیز ئێدوارد یۆنگ (1765-1683) ئەڵێ "ئەگەر هەموو ژیانمان تەنها هەوڵدان بوو بۆ ئەوەی لەوی دی بچین، لەجیاتی هەوڵدان بە گەشەپێدانی هونەری خۆمان، کەواتە جگە لەوەی

وەك مرۆڤی ئەسڵ لەدایك بوین و بە مرۆڤی كۆپی ئەمرین هیچی تر نەبووین ."

*هونەرمەند جگە لە كاری هونەری بەچی سەرقاڵە؟

-ئێستا جگە لە موسیك هیچ كارێكی ترم نیە !

*هونەر چی پێبەخشیوی لە ژیاندا؟

-ئەگەر لە دەرەوەی هەستی جوانی و پەیوەندیە رۆحییەكان پروانینە هونەری موسیك ئەوا ئەبێتە كەرەسەیەكی ماددی و بێ گیان، لەبەرئەوە بەخشین لەم جیهانەدا نیە بەڵكو لە جیهانی جوانی و ڕۆحدایە .

*هونەرمەند هەست بە غەریبی دەكات لە دەرەوە؟

-ئەگەر غەریبی بەو مانایە بێت كە داپرانی جەستەیە لە كۆمەڵگا، بەڵێ، بەڵام هەوڵەكان بۆ بەدی هێنانی خواست و ئامانجەكان لە تاراوگەدا، غەریبیش ماناكەی خۆی لەدەست ئەدات، بەڵام كارەسات ئەوەیە كە زەمەنێك بێت و مرۆڤ لە ووڵاتی خۆیدا هەست بە غەریبی بكات .

*چۆن بیرۆكەی ئەوەت لا دروست بوو كە ماڵپەڕێكی تایبەت بە موزیك بكەیتەوە كە ئارەزوومەندانی بواری موزیك سوودی لێ ببینن و بتوانن بەم ڕێگە ئاسانەوە فێری موزیك بن؟ چونكە ئارەزوومەندانی موزیك زۆر خۆشحاڵن بەو هەنگاوەت.

-ساڵی پار بوو ئەم سایتە بە هەوڵی برای ئازیزم كاك ئاسۆ دیلان دروستكرا، بەڵام لەسەرەتادا جگە لە هەندێ وێنەو ژیاننامەو پاشان بەشی موسیك تەنها بیرم لەوە كردبووەوە كە بریتی بێت لەو كارانەی كردومن چ وەك دانان یان دابەشكردن، بەڵام لەپاشدا بیرم كردەوە كە ئەگەر بكرێ هەندێ وانەی سەرەتایی كەمانی تێدا دابنێم، بەڵام هەوڵی گەرم و توانایی كاك ئاسۆ لە بەئەنجام گەیاندنی كارەكە زیاتر هانیدام، پاشان پێم باش بوو كە هەندێ وانەی سەرەتایی تیۆری موسیكیش هەبێت، هەروەها بۆ بەشەكانی تریش بەهەمان شێوە، بەهەرحاڵ نوسینی وانەكان بە جۆرێك بیرم لێكردەوە كە سادەو هەتا بكرێت نوسینی درێژ نەبێت و تێگەیشتنێكی ئاسانی هەبێت، چونكە خویندنەوەی بابەتی درێژ لە شاشەی كۆمپیوتەردا ناڕەحەتەو پاش ماوەیەك بە تایبەتی چاو ئازار ئەدات، هەروەها وانەكان تەنها بریتی نین لەم چەند وانەیە بەڵكو بەردەوامی ئەبێت هەتا ئاماژە بە دوا وانە ئەكرێ، زۆر دڵخۆشم بە ڕازی بوونی ئارەزوومەندان وەك جەنابت ئەڵێی بەهیوای سوود بینینی زیاتر .

*تا ئێستا بەشداریت لەچەند كاری گۆرانی بێژان كردووە لە ناوەوە و دەرەوەی كوردستان؟

-لەگەڵ زۆرێك لە گۆرانیبێژان كارم كردووە لە ناوەوەی كوردستان بەڵام لەدەرەوە كەمتر، ڕەنگە ئەمەش پەیوەندی بە بیركردنەوەی من ئەوانی دییەوە هەبوو بێت .

*چەند بەرهەمی پارچە موزیكت هەیە؟

-سەمایەكی تەنیاو هانای دووری، ئەو دوو پارچە موسیكەن كە وێنەیانم گرتوون .

*پەیوەندیت چۆنە لەگەڵ هونەرمەندانی دەرەوە و ناوخۆی کوردستان؟

-بەڕای من پەیوەندی هونەرمەند بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی هونەری، پێویستی بە پێشینەیەکی یەکتر ناسین نیە لە نێوانیاندا، بەڵکو گرنگ تێگەیشتنێکی هاوبەش و تواناو سەلیقەییانە .هەروەهابێ جیاوازی پەیوەندیم هەیە لەگەڵ ئەو هونەرمەندانەی کارمان پێکەوە کردووە لە هەردوو ناوەو



دەرەوەی کوردستان، هەرچەندە بەهۆی سەرقاڵی ژیان و شوێنی نیشتەجێ بوون، نێوانێك لە بەیندا هەیە بەڵام نەبۆتە مردنی پەیوەندییەکان .

*بەنیازنیت بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان و خزمەت بکەیت لە خاکی خۆت؟

-زۆر جار بیرم لێکردۆتەوەو گفتوگۆم لەگەڵ خۆم و لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێیانم کردووە دەربارەی، بەڵام نەگەیشتومەتە بڕیار .

*هونەرمەند (فەرهاد ساڵح) کەم دەردەکەوێت لە میدیاکان بۆچی؟

-یەکەم، ڕەنگە وەزیفەی میدیاکان لای من تەنها ڕێگەیەك بێت بۆ پیشادانی ئەو کارانەی ئەنجامیان ئەدەم، دووەم، چونکە لای من گرنگتر ناساندن و پیشاندانی کارەکەیە نەك خودی خۆم .

*هونەرمەند جیاوازی دەکات لەنێوان هونەر لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان؟

-بە پروای من، ئەگەر کارێکی هونەری دەرئەنجامی ئایدیایەك بێت ئەوا شوێن و کات مانایەکی ئەوتۆی نابێت بۆ بیسەرانی کارە هونەرییەکە، پاشان شوێن خوێندنەوەو تەفسیری جیاواز هەڵئەگرێ، چونکە ئەگەر یەك دنیابینی هەبووایە بۆ شوێن ئەوا ئایدیایەك و پاشان کارێکی هونەری لێکچوو بەرهەم ئەهات .لەبەرئەوە بە ڕای من، هونەرمەند پێویستە خاوەن بیرو بڕیار بێت و دنیابینی خۆی هەبێت، چونکە هەر ئەمانەیە کە لە پاشدا لە بەرهەمێکی هونەریدا ئەبینرێت و ئەبیسترێت، کە ڕەنگە گوزارشتکردن بێت لە خۆشەویستی یان لە دیاردەیەك یاخود هەڵوێستێك بێت لە بەرامبەر ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها سیاسی، بە نمونە "کاتێك ناپلیۆن هێرشی برد بۆ ئەڵمانیاو داگیری کرد، بیتهۆڤن دەمێك بوو وڵاتەکەی جێ هێشتبوو و لە ڤییەننا گوزەرانی ئەکرد، لەبەرئەوەی تێگەیشتنی بیتهۆڤن بۆ شۆرشی ناپلیۆن بەرهەم هێنانی بیری نوێ و ئازادی ئەڵمانیا بوو، سیمفۆنییەکی لە ڤییەننا بۆ نوسی و کردیە دیاری ناپلیۆن و ناوی نا (پۆناپارت)، بەڵام لە

پاشدا كە دەركەوت جیاوازی ناپلیۆن نەبوو لەگەڵ ئەمیرەكانی پێشتردا بۆیە بیتهۆڤن نوسینە دیارییەكەی دڕاندو ناوی گۆڕی بە ئازایەتی".

*بەڕای تۆ هونەری كوردی لە چ ئاستێكدایە؟

-یەكەم، ناكرێ جوابی ئەم پرسیارە تەنها بە ووشەی (باش یان خراپ) بێت، دووهەم، بە ڕای من بۆ ئەوەی پرسیارەكە چڕترو گشتگیرتر بێت باشترە پرسیارەكە ئەم دێڕەشی لەگەڵدا بێت،"و ئاستی هۆشیاری موزیككارو گۆرانیبێژ چەندە"؟

وەك ئەزانین فۆرمی كاركردن لە هونەری موسیكی كوردیدا زیاتر فۆرمی گۆرانییە، هەروەها تەمەنی كاركردنیشی لە 50 تا 60 ساڵێك تێناپەڕێت، هەرچەندە زۆرێك لە گۆرانییە پێشینەكان بەهۆی ئەوەی كە موسیكژەنەكان عەرەب یان فارس یان نەتەوەیەكی تری غەیرە كورد بوون، ژەنینی موسیكەكانیان دورە لە ڕۆح و مۆركی كوردییەوە، تەنها ئەوەندەیە كە بە سەلیقەیی گۆرانیبێژ توانراوە ئەم تەم و مژی غەیرە كورد بوونە لە رۆحی كوردا پەرەوێنیتەوەو هەروەها لەڕێی دەنگی گۆرانیبێژەوە توانراوە گوێگر بە میانە دەنگییەكانی هەر پەیژەیەكی كوردی و ڕۆژهەڵاتی ئاشنا بكرێت، بێگومان ئەمەش لەبەر كەمبوونی موسیكژەنانی كورد بووە لەو كاتەدا.

هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بەخێرایی ئاورێك لە مێژوو بدەینەوە، لە چاخی ڕێنسانس هەتا باروك و كاتی موسیكزانی جیهانی"یۆهان سباستیان باخ"، فۆرمی پۆلیفۆنی فۆرمێكی بەربڵاو بوو بۆ كاری موسیك و گۆرانی، كە مەبەست لەم فۆرمە ئەوەیە (چەند خەتێكی میلۆدی لە یەك كاتدا ئەژەنرێ و هەر یەكێكیشیان ئەبێتە خەتێكی هارمۆنی بۆ ئەوی دییان) . لە پاشداو وەك لە كارەكانی باخدا ئەبینرێ گەلێك فۆرم و شێوازی تر دروست بوون وەك فۆگ و سارابانو...هتد، كە زیاتر ئەكرێ جیاوازی لە گۆرینی ناوەكانیاندا بێت نەك ناوەڕۆك ئەگەر نا، كاتێك گوێبیستی كارێكی باخ ئەبین ئەتوانین لە یەك كاتدا گوێمان لە چەند خەتێكی میلۆدی بێت، بێگومان لەگەڵ كارتێكردنەكانی تایبەتمەندێتی كەسایەتی باخ وەك كەسێكی دینی و سروتەكانی ناو كەنیسە .بەم شێوەیە كەمتر پۆلیفۆنی ناو ئەبراو كاری لەسەر ئەكرا. لەگەڵ بەرەوپێش چوونی موسیكی ئەوروپاو هاتنە ناو چاخی نوێ، موسیك گەلێ گۆرانی بەسەردا هات لەڕوی گەشەكردنی فۆرم و شێوازەكانی | .سەرەتای1900 ز بە سەرەتای موسیكی نوێ دائەنرێ و لەپاڵ ئەمەشدا سەرەتای موسیكی جاز دەستی پێكرد بە تێكەڵ كردنی گۆرانی بلوس (Blues)كە پێكهاتەی سروتە دینییەكان و گۆرانییە میللی و كشتوكاڵییەكانی بەتایبەتی باشوری ئەفەریقا بوو، ساڵی1950 ز دائەنرێ بە سەرەتای سەرهەڵدانی موسیكی پۆپ (Pop)، لەگەڵ ئەوەی موسیكی جاز بە جۆرێك كارتێكەری هەبوو لەسەر موسیكی پۆپ كەم جار جیاوازی كراوە لە نێوانیاندا، هەروەها پێشكەوتنی

پیشەسازیش هۆیەکی بەرچاو بووە لە مێژووی ئەوروپادا بۆ زیاتر گەشەکردنی موسیکی پۆپ.

بەو پێیەی کە موسیکی پۆپ (Pop) کورتکراوەی (Popular music) ە واتە (موسیکی ناسراو)، ئەگەر تەماشا بکەین ئەمڕۆ لە ئەورپاو زۆربەی وولأتانی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست موسیکی پۆپ زیاتر کاری لەسەر ئەکرێ و ناو ئەبرێ، بەڵام لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە جیاوازی نیە لە ڕووی ناوەکەیەوە کە موسیکی (پۆپ-Pop music )ە، بەڵام ئەوەی جیاوازی دروست کردووەو ئەکات شێوەی مامەڵە کردنی میانەی پلە دەنگییەکانی پەیژەی موسیکە لەلایەن موسیککارو دەرپڕی میلۆدییەکە لەلایەن گۆرانیبێژەوە .وە هەر ئەم شێوە مامەڵە کردنەی میانەی پلە دەنگییەکانی پەیژەیەکی موسیکە، کە موسیکی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات جیائەکاتەوە، هەروەها لە موسیکی وولأتە جیاکانی ڕۆژهەڵاتیشدا بە پێی بۆنەو سروتە تایبەتییەکانی هەر وولأت و کۆمەڵگایەك، پێویستە ئەو جیاوازییە ببینرێ و ببیسترێ، ئەم جیاوازی و دیارخستنەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا، مامەڵە کردنێکی هۆشیارانەیە لە میانە دەنگییەکانی هەر پەیژەیەکی موسیك لە لایەن موسیککارو گۆرانیبێژەوە، کەواتە دیارخستنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کورد لە موسیکدا تەواو پەیوەستە بە مامەڵە کردنێکی هۆشیارانەی میانە دەنگییەکانی هەر پەیژەیەکی موسیك، کە ئەو کات موسیك و گۆرانی کوردی جیاواز تر لە موسیکی وولأتانی دراوسێ ئەبیسترێ، بۆ زیاتر تێگەیشتنیش لە ئیشکردن لەسەر میانە دەنگییەکانی پەیژەی موسیك، بە نمونە گوێگرتنە لە دەنگی گۆرانیبێژەکانی ڕابردوو، ئەگەر گوێبیستی (نیوەشەوە)کەی گۆرانیبێژ تایەر تۆفیق بین کە لەسەر پەیژەی حیجازەو پاشان بە دەنگی گۆرانیبێژێکی عەرەب، تورك یان فارس گوێبیستی هەمان پەیژەی حیجاز بین کە بە مۆرکی خۆیان ئەیڵێن، ئەوکات بە ئاسانی جیاوازی لە دەرپرین و شێوەی مامەڵە کردنی میانە دەنگییەکانی ئەو پەیژەیەمان بۆ دەرئەکەوێت و بە هەمان شێوەش بۆ هەموو پەیژەکانی تر .بۆیە بە ڕای من لەمڕۆی کارکردن لە موسیکی کوردیدا گرنگ ناوی فۆرم نیە بەڵکو تێگەیشتن و مامەڵەیەکی دروستە لە میانەکانی موسیکدا، وەك دانەری موسیکی دانیمارکی کارل نیلسن ئەڵێت"لێگەڕێ موسیك بۆ خۆی تەفسیری خۆی ئەکات ئەگەر هەڵگری پێناسێك بێت ."



*دوا پرۆژەت چیە لەبواری هونەردا؟

-دەمێك بوو هۆنراوەیەكی كاك محەممەد عومەر عوسمان سەرنجی ڕاكێشابووم و پێم خۆش بوو كاری تیا بكەم كە بۆ گۆرانیبێژ دیاری قەرەداغیم ئەنجامداو لەم دووایيانەدا تۆمار كردنی تەواو بوو .هەوەها ئێستاش دوو كارم لەبەر دەستە كە یەكێكیان گۆرانیەو ئەوی تریان تەنها موسیكە .

*پێناسەت چیە بۆ (دایك، هونەر، كوردستان)؟

-بە كورتی وشەی خۆشە ویستی هەرسێكیان لە خۆدا كۆئەكاتەوە، بەڵام بە جیاواز تر ئەتوانم بڵێم كە، دایك ..گەورەترین و جوانترین دیاری خوایە بۆ مرۆڤایەتی، هونەر ..ڕێگەیەكە بۆ گەشتن بە حەقیقەت، كوردستان ..ناسنامەی كوردبوون و وولات، هەستكردن بە لانەیەك كە مەرجەعێكە بۆ منالّی و یادەوەرییەكان .

*دوا ووتەت چیە؟

-لەگەڵ خۆشەویستی زۆرم بە گشتی بۆ خەڵكی كوردستان و بە تایبەتی بۆ موسیككارو ئارەزومەندانی موسیك، سوپاسی جەنابتان ئەكەم وبە هیوای سەركەوتنی هەموو لایەك ...